# راپەڕینی بەیاندوور

م. ی. نەهرۆ محەممەد عەبدلقادر
زانكۆی سەڵاحەددین/ هەولێر
كۆلێژی پەروەدەی بنەڕەتی
بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان

## پێشەكی

ڕۆژئاوای كوردستان، بەشێكی دانەبڕاوی كوردستانی گەورەیە كە لەدوای یەكەمین جەنگی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨)، بەهۆی سیاسیەتی وڵاتە زلهێزەكان بەبێ خوستی گەلەكەی، وەك بەشێك خرایە ژێر قەڵەمڕەوی فەرەنسا و دواتر بە دەوڵەتی سووریا لكێندرا. خەباتی گەلی كورد لەو پارچەیەدا بەردەوام بووە لە پێناوی دەستبەركردنی مافەكانییەوە، كە تاوەكو ئێستا بەشێكیان بە شاراوەیی ماوەتەوە، لەو چوارچێوەدا راپەڕینی بەیاندوور ساڵی ١٩٢٣ یەكێكە لە لاپەڕە شاراوەكانی خەباتی گەلی كورد لە ماوەی مانداتی فەرەنسی لە سووریادا . ئەم توێژینەوەیە، بۆ یەكەمین جارە بەم شێوەیە و پاڵپشت بە سەرچاوەی دانسقەی وەك بەڵگەنامەكانی سوپا و ئیدارەی ئەو كاتەی فەرەنسا لە سووریا و سەرچاوەی دیكەی پڕبایەخ، هەوڵدەدات بەشێوەیەكی زانستی، بەشێكی بەرچاوی لاپەڕە شاراوەكانی ئەو راپەڕینەی كورد لە ڕۆژئاوای كوردستان بخاتەڕوو، زەمینەش خۆش و دەرگا لە بەردەم توێژەرانی بواری مێژوو والادەكات، تاوەكو دواتر بەشێوەیەكی چڕو پڕ لە سەرجەم گۆشەنیگاكانیەوە لەو راپەڕینەوە بكۆڵنەوە.

توێژینەوەكە چەند تەوەرێكی سەرەكی لە خۆدەگرێت، كە بریتین لە شوێنی جوگرافی بیاندوو، پێگەی ڕۆژئاوای كوردستان، لەگەڵ چۆنییەتی هاتنی دەسەڵاتی فەرەنسی بۆ ناوچەكە و بارودۆخی بەیاندوور لە ژێر دەسەڵاتی هێزەكانی فەرەنسی. هاوكات چۆنییەتی پێكدادانە چەكدارییەكان و سەرهەڵدانی خەباتی چەكداری لە دژی فەرەنسییەكان بەشێكی دیكەیە كە توێژینەوە پەنجەی لەسەرداناوە. بەشێكی دیكەش تەرخانكراوە بۆ گفتوگۆكردن لەبارەی كوردبوونی تەواوی ئەو راپەڕینەوە و تاوتوێیش لەسەر ڕۆڵ و هەڵوێستی هۆزە عەرەبییەكان دەكات لە بارەی راپەڕینی بەیاندوور. توێژینەوەكە هەوڵیشیداوە باس لە ناكۆكی نێوان فەرەنسا و توركیا بكات و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو راپەڕینە شیبكاتەوە.

توێژەر لەو توێژینەوەیەدا، پشتی بە چەند سەرچاوەیەكی دانسقە و پڕبایەخی زانستی بەستووە كە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕووداوەكان هەیە، لە وانەش: بەڵگەنامەكانی سوپا و ئیدارەی فەرەنسا و بروسكە و ڕاپۆرتی پلەدار و ئەفسەرانی فەرەنسی كە لەناوچەكدا بەرپرسیاریەتیان هەبووە لەوانە: المفوضية السامية للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، حلب في ٣٠ اب ١٩٢٣، وارد الى سكرتارية المفوضية في ٣ ايلول برقم ١٦١٥، برقية مرسلة من الجنرال القائد المؤقت للفرقة الثانية الى الجنرال المفوض السامي، (ادارة المخابرات و المكتب العسكري) عالاي،K.B.X-10.07.08.10.25.EU. الجيش الفرنسي في المشرق، السرية الثانية للهجانة، مفرزة/بياندور في ٢٠ تموز ١٩٢٣، الملازم روبيرتو، قائد مفرزة السرية الثانية للهجانة الى النقيب قائد السرية– الحسبة. ئەو بەڵگەنامانە

زانیاری دانسقەیان لە بارەی ئەو ڕاپەڕینە لە خۆگرتووە، کە بۆ یەکەم جارە بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو. هاوکات چەند سەرچاوەیەکی دیکە بەکارهاتوون، کە پڕبایەخن و ڕاستەخۆ پەیوەندیان بەو ماوەیە هەیە و زانیاری گرنگیان لە بارەی ڕاپەڕینەکە لە خۆگرتووە لە وانە: محمد ملا احمد، القضية الكوردية في سوريا، برلين، ٢٠٠١، منشورات مجلة هاظيبون للدراسات الكوردية. ذوقان قرقوط(د.)، تطور الحركة الوطنية في سورية(١٩٢٠–١٩٣٢)، ط١، بيروت، ١٩٧٥، ص ٢٠٢. لانكا بوكونا، المجابهة الفرنسية–السورية في عهد الانتداب (١٩٢٥–١٩٢٧)، ط٢، منشورات دار علاءالدين، سورية–دمشق، ٢٠٠٨.

لە نووسینی بابەتێکی وەها وردی زانستی، کە زانیاری کەمیان لەبارەوە هەیە، دەستخستنی سەرچاوەی زانستی کارێکی ئەستەمە، بەڵام توێژەر شێلگیرانە شانی داوەتەبەر بەمەش دواجار توێژنەوەکە هاتووەتە بەرهەم و هەموو تواناکانی لەوبارە خستووەتەگەڕ بۆ دەستکەوتنی زۆرترین زانیاری، کە پەیوەندیان بە توێژینەوەکە هەیە. توێژەر خوازیارە، توێژینەوەکە خشتێکی پتەوبێت و پشدارێکی بەهێزبێت لە دۆزینەوەی لاپەڕە شاراوەکانی خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان، چونکە بە بەراورد بە پارچەکانی دیکەی کوردستان بایەخی کەمتر پێدراوە.

## دەروازە: پێگەی ڕۆژئاوای کوردستان

(بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا)، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی (سایکس-بیکۆ) لە ئایاری ساڵی ١٩١٦دا میراتی دەوڵەتی عوسمانی-یان لە نێوخۆیاندا دابەشکرد[١]، بەو پێیە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، چونکە بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەر فەرەنسا کەوت. بەڵام دواتر باشووری کوردستان بووە بەشی بەریتانیا[٢].

دواتر لە کۆنگرەی سان ریمۆ (٩-٢٦ی نیسانی ١٩٢٠) بڕیاری مانداتی فەرەنسا بەسەر سووریا و لوبنان دەرچوو[٣]، بەڵام لە ٧ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢٠ لە (کۆنگرەی نیشتمانی سووری) لە دیمەشق (شا فەیسەڵ) بە شای سووریا داندرا و سەربەخۆیی سووریاش ڕاگەیاندرا[٤]. فەرەنسا بە توندی ئەو پێشهاتەی ڕەتکردەوە، لەو چوارچێوەیەدا هێرشی سەربازی کردە سەر سووریا، لە ٢٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٠ دیمەشق-ی داگیرکرد[٥]، بەو پێیە لە کاتەوە مانداتی فەرەنسی دەستپێکرد کە تاوەکو ساڵی ١٩٤٦ بەردەوام بوو[٦]. بۆئەوەی مانداتی فەرەنسی لە سووریا،

[١] – د.ذوقان قرقوط، تطور الحركة الوطنية في سورية(١٩٢٠–١٩٣٢)، ط١، بيروت، ١٩٧٥، ص ٢٠٢.

[٢] – بڕوانە: عوسمان عەبدولرەحمان سمایل، کورد لە سوریا، کورد لە سوریا١٩٢٠ – ١٩٤٦، لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی سیاسی ڕۆشنبیرییە، چاپ یەکەم، هەولێر، دەزگای موکریانی ، هەولێر، 2009 ، ل ل ٨٦–٨٧.

[٣] - جاسم محمد حسين العدول، تاريخ الوطن العربي المعاصر، جامعة الموصل، مديرية دارالكتب للطباعة و النشر، ١٩٨٦، ص ٣٢–٣٧.

[٤] – جاسم محمد العدول، ن.م، ص ١٤٧–١٤٨.

[٥] - بڕوانە: لانكا بوكونا، المجابهة الفرنسية–السورية في عهد الانتداب (١٩٢٥–١٩٢٧)، ط٢، منشورات دار علاءالدين، سورية–دمشق، ٢٠٠٨، ص ٤٠.

[٦] - هێربەت مونتگومری، کوردستان سووریا بوونێکی نکۆڵی لێکراوە، و: مینە پیشەوا،چ١، مەڵبەندی کوردلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٩، ل ٣٩.

شێوەیەکی یاسایی پێبدرێت، کۆمەڵەی گەلان، بە شێوەیەکی فەرمی لە ١٤ تەمموزی ساڵی ١٩٢٢ مانداتی فەرەنسای لەسەر سووریا پەسەند کرد[٧]. لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠دا فەرەنسا لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتننامەیەکی ئیمزاکرد، بەمەبەستی ڕێکخستنی سنووری نێوان سووریا و تورکیا[٨]. لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا، هۆزە کوردییەکان خۆیان لە دوو سنووری جیاوازی دۆزیەوە، لە کاتێکدا لەبنەڕەتدا یەك ناوچە بوون و پەیوەندییەکی بە هێز لە نێوانیان هەبوو کە زۆرێکیان پەیوەندی ژن و ژنخوازی بووە[٩].

ئەو ڕێککەوتننامەیە دەستپێکی سەرەتایی بوو بۆ لکاندنی ناوچەکە بە وڵاتی سووریاوە، ئەوەی جێگەی ئاماژەبۆکردنە لە سەرەتا مانداتی فەرەنسا جگە لە ناوچەی( کورداغ) نەبێت، هیچ ناوچەیەکی کوردی لەو پارچەیەدا بەشێك نەبوون لە دەوڵەتی سووریا، ئەمە لە کاتێکدایە نەك دەسەڵاتدارانی فەرەنسی، بگرە ناوەندە سیاسییەکانی سووریاش وابەستەی ئەو بۆچوونە بوون[١٠]. ساڵی ١٩٢٢ فەرەنسا دەسەڵاتی خۆی بەسەر جەزیرەدا سەپاند[١١]، ناوچەکانی حەسەکە و سەری کانیێ، یەکەم ناوچەی هەرێمی جەزیرە بوون کەوتنە چوارچێوەی سووریا[١٢]، ئەمە لە کاتێکدا لە دوای پاشەکشەکردنی عوسمانییەکان زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە بۆشایی دەسەڵات تێپەڕبوون، بەمەش لە لایەن سەرۆك هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆجییەتیدا بەڕێوە دەبران[١٣].

هەرێمی جەزیرە لە ڕۆژئاوای کوردستان، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا[١٤]، ناوەکەی لەوە هاتووە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات، ناوچەیەکی دەشتاییە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (٢٣) هەزار کیلۆمەتر دەبێت لە ناوچەکانی باکوور لە چیاکانی تۆرسی ڕۆژهەڵات درێژدەبێتەوە بە زنجیرە چیاکانی شەنگال لە لای باشووری ڕۆژئاوای کۆتایی دێت[١٥] ناوچەکە لە چەندین شارۆچکە پێکهاتوون[١٦].

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە پەنجەی لەسەر دانێین گوندی (بەیاندوور)ە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قامشلۆ[١٧] بە دووری نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر[١٨]، خودی قامیشلۆ لە دەشتە فراوانەکەی جەزیرەدا ناوچەیەکە درێژە پێدەری

---

[٧] – زين نورالدين زين، الصراع الدولي في الشرق الاوسط و ولادة دولتي سوريا و لبنان، (بيروت، ١٩٧١)، ص ٢٩.

[٨] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية في سوريا، منشورات مجلة ھاڤيبون للدراسات الكوردية، برلين، ٢٠٠١، ص ١١.

[٩] – م.س.لازاريف، المسألة الكوردية (١٩١٧-١٩٢٣) ترجمة: د.عبدى حاجي، الطباعة الاولى، بيروت، ١٩٩١، ص ٢٦٤.

[١٠] – على صالح ميراني، الحركة القومية الكوردية في كوردستان-سوريا،ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ص ٢٤.

[١١] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١١.

[١٢] – على صالح ميراني،م.س، ص ٢٩.

[١٣] – خالد عيسى، دراسة تاريخية، الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm.

[١٤] – هێربەت مونتگومری، س. پ، ل ٢٥.

[١٥] – صبحي عبدالرحمن، كاليفورنيا الشرق (لبنان-١٩٤٥) ص ٢٠.

[١٦] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: على صالح ميراني،م. س، ص ٢٥-٣٢.

[١٧] –ن.م. ص ٣١٦.

[١٨] – صالح هواش المسلط، صفحات منسية من نضال الجزيرة السورية،ط١،منشورات دار علاءالدين، دمشق، ٢٠٠١، ص ٢٠٦.

دەشتەکانی باکوور و باشووری کوردستانە[19]، کە کەوتووەتە نێوان سنووری تورکیا لە باکوور و ناوچەی دێرك لە ڕۆژهەڵات[20]، هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە سەرچاوەکان ناوی گوندەکە بە بیاندوور هاتووە، بەڵام توێژەرێکی بواری جوگرافی و پسپۆڕ لە جوگرافیای دانیشتوان جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە دەڵێن (بەیاندوور)[21]. بەیاندوور، ناوچەیەکی دەشتایی فراوانە[22]، دانیشتوانەکەی بە کاروباری کشتوکاڵ سەرقاڵ بوون و زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن [23]کە لە نزیکەی (٩٠٠) کەس پێکهاتوون[24]. بەڵام بە گوێرەی تۆماری فەرمی سووریا لە ساڵی ١٩٩٤ ئەو ژمارەیە بۆ (٧٠٨) کەس دابەزیووە[25].

# بەشی یەکەم

## بەیاندوور و داگیرکاری فەڕەنسی

### تەوەرەی یەکەم: بەیاندوور لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی فەڕەنسی

فەرەنسییەکان دوای گەیشتنیان بۆ ناوچەکە، بەمەبەستی سەپاندن و جێگرکردنی دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا، هەرزوو لە گوندی (بەیاندوور) پێگەیەکی سەربازیان دامەزراند، ماڵی دۆستێکیان بە ناوی ( عەبدوڵڵا شاهین) کردە بنکەی خۆیان کە لە ٢ نهۆم و ٥٠ ژوور پێکهاتبوو[26].

بە گوێرەی دۆکیۆمێنتێکی فەرەنسی لە ٢٨ی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣دا، پێگە سەربازییەکە لە (١٠١) کەس پێکهاتبوون کە ئەفسەرێك سەرۆکایەتی دەکرد، ٤ سەربازی فەرەنسی، ٤٧ سووری و ٩جەزائیر، نەقیبێکی بە ڕەگەز سووری وەك وەرگێڕ کاری کردووە لەگەڵ ١٩ جەندرمە و ٥ فەرمانبەر، هەروەها ١١ پیاوی مەدەنی و ٣ ئافرەت و منداڵێکی لە خۆگرتبوو[27]. لەو ماوەیەدا مولازم (مۆرێل)، سەرۆکایەتی دەکرد، ئەمە لە کاتێکدایە پێشتر لەلایەن هەریەك لە مولازم (ڕۆبرتۆ) و ( کارێر) ئەفسەرانی سوپای فەرەنسی سەرۆکایەتی کراون[28]. فەرەنسییەکان تەواوی هەوڵەکانی خستەگەڕ، بۆ ئەوەی ناوچەی جەزیرە لە ڕووی ئیدارییەوە بە دیمەشق گرێ بدرێت و بیکاتە بەشێك لە دەوڵەتی سووریای تازە دروستکراو، لە کاتێکدا پێشتر بەهیچ شێوەیەك ئەو ناوچەیە سەر بە سووریا

[19] - ازاد ديركي، المدن الكردية،ط١، بيروت، ١٩٩٨، ص ٥.

[20] – على صالح ميراني،م.س، ص ٣٠.

[21] – د. عەبدوڵا غەفوور، گوندەکانی کوردستان/ گوندەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر ژمێری دانیشتوانی سووریادا- ١٩٩٤، ب٤،چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٧.

[22] - هێربەت مونتگومری، س.پ، ل ٢٥.

[23] – جريدة(الحياة الجديدة)، جريدة للجنة المنطقية الجزيرة للحزب الاشتراكي الكردي في سوريا،ع(٧)، حزيران ٢٠٠٠،ص ٢.

[24] – معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، جريدة (طريق الشعب)، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكردي في سوريا، العدد (٢٧٨)، حزيران ١٩٩٨، ص ٥.

[25] – د. عەبدوڵا غەفوور، س.پ، ل ٢٧.

[26] - صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢١٧.

[27] –نامەیەکی سەرهەنگ (ئەندریا) فەرماندەی توخوبی فوراتی هێزەکانی فەرەنسا، بە وەرگرتن لە خالد عيسى، بياندور في الوثائق الفرنسية. بەڵام سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە 150 کەس دەکەن بڕوانە : عوسمان عەبدولرەحمان سمايل، کورد لە سوريا ل ٨٨.

[28] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢٠٦.

نەبووە، بەڵکو جەزیرە بەردەوام بەشێك بووە لە ویلایەتی ماردین، هەروەها بەشی رۆژهەڵاتیشی سەر بە جەزیرە یاخود سووریا بووە[٢٩].

لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی، کە فەرەنسییەکان لە ناوچەکە ئەنجامیاندا، خۆنزیك کردنەوەیان بوو لە چەند کەسایەتییەکی ناوچەکە تا وەك داردەستی خۆیان بەکاریان بهێنن و لەو رێگەیەوە دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا زیاتر تۆکمە بکەن[٣٠]. بە مەبەستی بەرێوەبردنی ناوچەکە و کۆکردنەوەی باج و سەرانە، پێگەیەکی کارگێرییان بە پلەی قائیمقامییەت لە (بەیاندوور) دامەزراند[٣١]. هەروەها قازییەکیان دانا و بەندیخانەکیان کردەوە[٣٢]، وەك پیشەی هێزەکانی داگیرکار کەسێکی هەواداری خۆیان بە ناوی ( جاسم ئەفەندی) کردە قائیمقامی بەیاندوور[٣٣]. فەرەنسییەکان سڵیان لە سەرکوتکردن و ئازاردانی دانیشتوانی ناوچەکە نەدەکردەوە[٣٤]، بە تایبەتی ئەوانەی بە گوێرەی خواست و ویستیان هەڵیان نەکردبایە، دووچاری رەفتار و مامەڵەی تووند و نا شایستە دەبوونەوە، بە شێوەیەکی دیکە دەکرێت بڵێین رەچاوی بەرژەوەندی دانیشوانەکەیان نەدەکرد، چۆنییان پێ باش بووایە وایان دەکرد[٣٥].

یەکێك لەو سیاسەتانەی کە ئیدارەی فەرەنسی لە تەواوی ناوچەکانی ژێر دەستیان پیادەی دەکرد، سیاسەتی نانەوەو چاندنی تۆوی جیاکاری و دووبەرەکی بوو لە نێوان پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و مەسحییەکان[٣٦]، بە تایبەتی ئەو مەسیحیانەی، کە لە ئەنجامی سیاسەتی توندوتیژی دەوڵەتی عوسمانی هاتبوونە ناوچەکە، بۆ ئەمەش فەرەنسییەکان خۆیان لە مەسیحییەکان نزیك دەکردەوە، بۆ تا لە جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کە مەبەستیانە و لە ناوچەکە هەیانە، پاڵپشتی و پشتگیریان بکەن[٣٧]. هەروەها هەر کەسێکیان مەبەست بوایە بە ئارەزووی خۆیان پەلکێش و دەستگیریان دەکرد، ئەو کەسانەشی نەیاری هێزەکانی فەرەنسا بوون لە ناوچەکە، بە توندترین شێوە سەرکۆنە دەکران و سزا دەدران[٣٨].

---

[٢٩] – محمد ملا احمد، انتفاضة بياندور:
http://Kurdnas.com/ar/index.php?option=com_contentsid=viewsid=765sItemid=59

[٣٠] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١١.

[٣١] – خالد عيسى، دراسة تاريخية، الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[٣٢] – معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، جريدة (طريق الشعب)، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكردي في سوريا، عدد (٢٧٨)، حزيران ١٩٩٨.

[٣٣] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢١٧.

[٣٤] – م.ن، ص ٢٠٦.

[٣٥] – جريدة (الشمس)، نشرة دورية تصدرها اللجنة المنطقية للحزب الديمقراطي الكوردي في سوريا (البارتي)، الجزيرة،ع(٦٩)، حزيران ٢٠٠٩، ص ١٢.

[٣٦] – د. رضوان باديني، اكراد سوريا موعد مع التاريخ،ط٢، اربيل،٢٠٠٦، ص ٨٠.

[٣٧] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١١.

[٣٨] - لانكا بوكونا، المجابهة الفرنسية–السورية في عهد الانتداب (١٩٢٥–١٩٢٧)، ط٢، منشورات دار علاءالدين، سورية–دمشق، ٢٠٠٨، ص ٦٦، عوسمان عەبدولرەحمان سمایل، ، س. پ، ل ٨٨.

فەرەنسیەکان گرنگیان نەداوە بە فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری، بۆیە ناوچەکە بە دەربووە لە هەر چەشنە قوتابخانە، نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییەك[٣٩]. سەرباری ئەوەش باجێکی زۆریان لەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا سەپاندبوون، کە بێگومان دانیشتوان دووچاری بێزارییەکی زۆر هاتبوون[٤٠]. فەرەنسا وەك تەواوی وڵاتانی زلهێز لەو پارچەیەدا بە تەنگ ئایندەی کوردەوە نەبوون، ئەمە لە کاتێکدایە بەردەوامی داواکارییەکانی کورد-یان، وەك کارتێکی فشار لە بەرامبەر تورکیا بەکاردەهێنا[٤١] ، تەنانەت لەو کاتەی پڕۆژەی دابەشکردنی سووریا بۆ چەند دەوڵەتۆچکەیەك گەڵاڵە کرا، بەش و پشکی کورد دیاری نەکرابوو[٤٢]، کە واتە دەگەینە ئەو راستیەی کە هەر لە بنەڕەتدا لە سەبەتەی فەرەنسادا شتێك نەبووە بە ناوی دیارییکردنی چارەنووس و کیانی کوردی لە سیاسەتی فەرەنسییەکاندا نەبووە.

کاپتن (رۆگان) کە ماوەیەك سەرۆکایەتی هێزی فەرەنسی دەکرد لە (بەیاندوور) بوو، بە مرۆڤێکی دڵڕە لە ڤین ناسرابوو، زۆر بە رەقی مامەڵەی لەگەڵ دانیشتوانەکەی دەکرد[٤٣]، بە جۆرێك چاڵی دروستکردبوو خەڵکی دەخستە ناوی و ئازاری دەدان[٤٤]، بە تایبەتیش ئەو سیاسەتەی لە دژی سەرۆك هۆزەکانی کورد بەکار دەهێنا، ئەوەتا (سلێمان عەباس)-ی سەرۆك هۆزی (دوورکان) و برازاکەی (عەباس محەممەد عەباس)ی گرت و لە هەمان رۆژدا برازای سەرۆك هۆزی (دوورکان)ی کووشت، هەروەها کوشتنی (سلێمان)ی بۆ رۆژی دواتر دواخست، بەڵام بە هۆی میانگیری و نێوبژیوانی (محەممەد عەبدولڕەحمان)ی سەرۆك هۆزی تەی عەرەبی، فەرەنسییەکان (سلێمان عەباس)ی سەرۆك هۆزی (دوورکان)یان ئازاد کرد لە بەرامبەر (٣٠٠) هەزار لیرەی زێڕ و(١٢) ئەسپ[٤٥].

لەلایەکی دیکە چەند کەسایەتییەکی دیکەی کوردیان لە ناوچەکەدا خستەزیندانەوە لە وانە؛ (یوسف حەسۆ) موختاری گوندی بەیاندوور[٤٦]، (ئەحمەد یوسف) موختاری گوندی سەیمە، هاوکات زۆرێك لە گەنج و لاوانی کورد دووچاری دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان بوونەوە[٤٧].تەنانەت سیاسەتی لەچاڵ نانی بەکۆمەڵیان پیادەکرد[٤٨]،بەهۆی

[٣٩] - ئەکرەم جەمیل پاشا، کورتەی ژیانم،و: فەیزوللا برایم خان و بەرزان وەهاب، دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی بیر، دیاربەکر، ٢٠٠٧ ، ل ٢٧.

[٤٠] - اسماعيل الملحم، معركة المزرعة، ٢ و٣ اب ١٩٢٥ ملحمة السلاح الابيض، منشورات دار علاءالدين،ط١، دمشق، ٢٠٠، ص ١٧.

[٤١] – د. رضوان باديني، اكراد سوريا، ص ٨٠.

[٤٢] – محمد ملا احمد، انتفاضة بياندور:
http://Kurdnas.com/ar/index.php?option=com_contentsid=viewsid=765sItemid=59

[٤٣] - صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢٠٦.

[٤٤] – معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، جريدة (طريق الشعب)، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكوردي في سوريا، (٢٧٨)، حزيران ١٩٩٨.

[٤٥] - محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١١. نوشين بيجرماني، معركة بياندور بين الجهل و التجاهل ، مجلة الحوار ، العدد (١٥) ، دمشق، ربيع ، ١٩٩٧، ص ٣١. انور عبدالحميد الشمرى ، معركة بياندور/شهادة عربية، مجلة الحوار، العددان (١١–١٢) ، دمشق– ربيع– صيف ،١٩٦٦، ص ٤٤.

[٤٦] – بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە ناوی موختاری بەیاندوور بە (خەلیل احمد) بردووە، خالد عيسى، دراسة تاريخة: الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[٤٧] – الجريدة طريق الشعب، ص٥.

ئەو سیاسەتەوە ناچار ژمارەیەك لە سەرۆك هۆز و کەسایەتییە دیارەکان پەنایان بردە ناوچەی ئارام تر و دوورە دەست، بۆ ئەوەی خۆیان لە دەست فەرەنسییەکان بپارێزن[49]، فەرەنسییەکان هەر کاتێك کەسێکیان لە نێو چاڵەکانەوە دەنا، بەوەندەدە نەدەوەستان، بەڵکو دەکەوتنە وێزەی و بە جۆرەها شێواز ئازار و ئەشکەنجەیان دەدا تاوەکو گیانی لە دەستدەدا[50].

ئەمە لە کاتێکدایە ئەو هۆزە عەرەبیانەی کە لە هۆزە کوردییەکانەوە نزیك بوون، زۆر بە کەمی دووچاری دەستگیرکردن دەبوونەوە، چونکە ئەوان کۆچەربوون، بە زویی کۆچیان دەکرد لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە، هەروەها بەشێکی هێزەکانی فەرەنسی لە چەکدارانی هۆزە عەرەبییەکان پێکهاتبوون، بۆیە فەرەنسییەکان هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی سازشکردن لەگەڵیاندا خۆیان لە عەرەبەکان نزیکبکەنەوە، نەك بە ڕێگەی هێز و سەرکەوت کردن[51]. بەهۆی ئەو سیاسەتە توندوتیژ و نا شایستانەی فەرەنسییەکانەوە، کە لە بەرامبەر بە کورد لە ناوچەکەدا پیادە دەکرا، ئەو پێشهاتانە قۆناغی دیکەیان بەخۆوەبینی، کە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە دژی هێزەکانی فەرەنسی بینیووە[52]، ئەمەش کاتێك هۆزەکان بە مەبەستی لێدان لە بەرژەوەندییەکانی فەرەنسی، هێزی چەکداریان پێکهێنا[53].

## تەوەرەی دووەم: پەرەسەندنی پێکدادانە چەکدارییەکان

دوای ئەوەی ئاسۆی نەرمی نواندنی فەرەنسییەکان بە بن بەست گەیشت و هەڕەشەی ڕاستەوخۆ کەوتە سەر سەرۆك هۆزەکان و کەسایەتییە دیارەکانی کورد لە ناوچەکەدا، بەمەبەستی دانانی سنوورێك بۆ ئەو پێشێلکاریانە بڕیاری تۆڵەسەندنەوە و وەشاندنی گورزێك درا. لەو چوارچێوەیەدا، (سلێمان عەباس)، سەرۆك هۆزی دوورکان، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە فەرەنسییەکان پەیوەندی بە (حاجۆ ئاغا) کرد، کە ئەو کات لە باکووری کوردستان بوو، تاوەکو هەماهەنگی و هاوکاری بکات، هەر زوو (حاجۆ ئاغا) پێشوازی لەو داوایە کرد و ٤٠٠ پیاوی خۆی بۆ ڕەوانە کرد، تاوەکو تۆڵە لە فەرەنسییەکان بکرێتەوە[54].

وەك لە دۆکیۆمێنتێکی فەرەنسیدا جەختی لەسەرکراوەتەوە، فەرەنسییەکان هەستیان بە جموجۆڵی نا ئاسایی کردوە و بۆیان دەرکەوت لە (بەیاندوور) هێرش دەکرێتەسەریان، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەباشی خۆیان وەرگرتبوو، لەو چوارچێوەیەدا لە شەوی ١٩/١٨ی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣ هێزی کوردی هێرشیانکردە سەر هێزەکانی فەرەنسا لە (بەیاندوور)، دوای شەڕ و پێکدادانێکی توند هێزە کوردییەکە پاشەکشەی کرد. دوای

---

[48] - عوسمان عەبدولرەحمان سمایل، ، س. پ، ل ٨٩.

[49] – خالد عیسی، دراسة تاریخة: الاکراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[50] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢٠٦.

[51] – خالد عیسی، دراسة تاریخة: الاکراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[52] – د. رضوان بادیني، اکراد سوریا، ص ٨٠.

[53] – خالد عیسی، دراسة تاریخة: الاکراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[54] – محمد ملا احمد، القضیة الکوردیة...، ص ١١-١٢ .

کۆتایی هاتنی پێکدادانەکانیش، فەرەنسییەکان دوو هێزیان بە سەرۆکایەتی هەریەك لە مولازم (ئەدام) و (ئیبراهیم) دەرکرد بۆ ناوچەکە، بەمەبەستی گەڕان و پشکنین لە ناوچەکانی دەوروبەری بنکەکەیان بۆ ئەوەی دڵنیابن کە هیچ چەکدارێکی تێدا نەماوە، دوای گەڕانەوەشیان رایانگەیاند ئەوان گوێبیستی دەنگە دەنگی ئەو چەکدارانە بوونە، دوا بە دوای ئەو هێرشەش، هێزی فەرەنسییەکان بەردەوام لە ئامادەباشی دابوونە، دۆکیۆمێنتەکە ئاماژەی بەوەکردووە لەو شەڕەدا ئەو هێزە فەرەنسییە ٣٧٨ گوللەیان تەقاندووە[٥٥].

شەوی ٢٢/٢١ی مانگی تەمموز، دووبارە هێزێکی هۆزە کوردییەکان خۆیان لە بنکەی سەربازی (بەیاندوور) نزیك کردەوە، تەقەیان بەسەر بارەگای هێزەکانی فەرەنسیدا کردوە، ئەو هێزە کوردییە لە هەوڵی ئەوەدابوون ئەو هێزە فەرەنسییە بهێننە دەرەوە، کە خۆیان لەو بارەگایە قایم کردبوو، تاوەکو کردەی هێرش کردنەکە ئاسان بێت و بە چڕی هێرشکردن دەستپێبکەن، بەڵام هێزەکانی فەرەنسی خۆیان لێ بێدەنگ کرد، بەم شێوەیەش ئەو شەوەش بە هێمنی گوزەری کرد، بۆ شەوی دواتر، دووبارە فەرەنسییەکان زانیاریان بە دەست گەیشت کە ( حاجۆ ئاغا) هێرشی یەکلاکەرەوە ئەنجام دەدات، ئەو زانیاریانەش لە رێگەی سێ هاووڵاتی مەسیحی گوندی (ماریکان-٥کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی بەیاندوور) گەیشت، کاتێك خۆیان گەیاندە ئەو بنکە سەربازییە و لە بارەی ئەو هێرشە ئاگاداری و هۆشداریان پێدان، لەم چوارچێوەشدا هێزەکانی فەرەنسی تەواو ئامادەباشیان گرتەبەر[٥٦]. هاوکات لە کردەیەکی هۆزە کوردییەکاندا کە بە فەرمانی (حاجۆ ئاغا) ئەنجامدرا[٥٧]، ٤ چەکداری کوردی ئێزدی هێرشیان کردە سەر (جاسم ئەفەندی) قائیمقامی بەیاندوور و بە سەختی برینداریان کرد، ئەنجام دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی (دێرزوور) لە رێگادا ناوبراو گیانی لەدەستدا[٥٨].

لە ماوەی (٢٨ی تەمموز و ٤ی مانگی ئاب)ی ساڵی ١٩٢٣دا، چەند جارێك شەڕو پێکدادان لە نێوان هەردوولا روویاندا، هێزەکانی فەرەنسی دووچاری فشارێکی زۆر ببون و نەیانتوانی تاسەر خۆیان لە بەردەم راپەڕیوان بگرن، بەتایبەتی ئەو کات دووچاری گەمارۆیەکی توند بوونەوە، هاوکات بە دەست کەم ئاوی و نەگەیشتنی کۆمەك و پیتاك دەیان ناڵاند، دوای ئەوەی لە گەیشتن و بە هاناهاتنەوە هیوابڕ بوون، بۆیە نەیانتوانی خۆیان رابگرن و دووچاری شکست بوون و پێگەی (بەیاندوور)یان چۆڵکرد و لە لایەن هێزە کوردییەکان دەستی بەسەرداگیرا، بەمەش مولازم (رێگان، رۆبیرتۆ، کاریر) لە دوای پاشەکشە و شکستەکەیان پەنایان بردە لای ئەو هۆزە عەرەبانەی، کە لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بوون دۆستی ئەوان بوون، ئەنجام فەرەنسییەکانیش زیانەکانی خۆیان بەم شێوە خستووەتەڕوو: یەکەم: کوژراوان: فەرەنسی: ٣ ئەفسەر، ٣ ئەفسەری پۆل، ١ سەرباز. جەزائیری: ١

---

[٥٥] – بیاندور في ٢٠ تموز ١٩٢٣، الملازم روبیرتو قائد مفرزة بیاندور التابعة للسریة الثانیة للهجانة الی النقیب قائد السریة الحسجة.

[٥٦] – الجیش الفرنسي في المشرق، السریة الثانیة للهجانة، مفرزة/بیاندور في ٢٠ تموز ١٩٢٣ (١)، الملازم روبیرتو، قائد مفرزة السریة الثانیة للهجانة الی النقیب قائد السریة– الحسجة.

[٥٧] – جیان الحصري، عید الشهداء من جمال باشا السفاح الی...؟، موقع الاكتروني:
http://www.efrin.net/cms/erebi/.php?option=com_contentstask=viewsid=3710sItemid=29

[٥٨] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢١٧.

عەریف، ١٠ سەرباز. سووری:١ عەریف، ٢٢ سەرباز. دووەم شوێن بزربووەکان: ١٥ سەرباز. سێییەم: بە دیلگیراوەکان:- ٢ سەربازی سووری. چوارەم: بریندارەکان: ١٧ بریندار کە یەکێکیان ئەفسەرێکی فەرەنسی بوو[٥٩].

سەرچاوەیەك جەخت لەوەدەکاتەوە کە شەوی ٣٠/٢٩ی مانگی تەمموز، هێزەکانی فەرەنسی، (بەیاندوور)یان چۆڵکرد و بەرەولای سەرۆك هۆزی شەممەر (مەشعەل ئاغا) پاشەکشەیان کرد[٦٠]. دوا بە دوای ئەو رووداوە، راپەڕین تەواوی ناوچەکەی گرتەوە و زۆربەی هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە لە دژی فەرەنسییەکان راپەڕین[٦١]. لەلایەکی دیکەوە، هێزێکی فەرەنسی کە بە ئەرکێکی تایبەتی سەردانی ناوچەکەی کردبوو، کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی رۆژی ٣١ی تەمموز کەوتنە نێو بۆسەی هۆزە کوردییەکان، دوای شەڕ و پێکدادانێك کە ماوەی ٣ کاتژمێر ی خایاند ژمارەیەك لەو هێزە کوژران و دەستگیرکران کە ( مولازم رۆبێرتۆ) ئەفسەر لە هێزی پیادە، (مولازم کارێر) ئەفسەر لە هێزی تۆپهاوێژ، ( رەقیب ئادام) لە هێزی پیادەی فەرەنسی لە نێو کوژراواندا بوون[٦٢]. هاوکات رۆگان بەدەستی گەنجێك بەناوی (عەباس عەموکە) کوژرا[٦٣].

دەسەڵاتی (حاجۆ ئاغا) بەهۆی ئەو راپەڕینەوە لە ناوچەکەدا بە شێوەیەك تەشەنەی سەند، کە دەسەڵاتدارانی فەرەنسی، مەترسی بنیادنانی قەوارەیەکی کوردیان لە ناوچەکەدا دەکرد، کە لە ناوچەی (فوراتەوە تاوەکو موسڵ) درێژببێتەوە، فەرەنسییەکان ئەو بیرۆکەیان زیاتر لەلا گەڵاڵەبوو، کاتێك (شێخ مەحمود)-ی مەلیکی کوردستان لەساڵی ١٩٢٣ سەردانی ناوچەی (نەسیبین)-ی کرد، بۆ هاندانی هۆزەکانی ناوچەکە، کە ئەوکات ببووە مەڵبەندی سەرەکی راپەڕیوان[٦٤].

فەرەنسییەکان پێیانوابوو، (راپەڕینی بەیاندوور)، یاخیبوونێکی هۆزایەتییە کە لە ئەنجامی هاندانی دەسەڵاتدارانی تورکی و خراپی مامەڵەکردنی بەرپرسانی خۆجێیی ناوچەکە هاتووەتە ئاراوە، هەربۆیە فشاریا بۆ سەر دەسەڵاتدارانی تورکیا دەهێنا، تاوەکو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە دژی راپەڕیوان ئەنجامبدەن[٦٥]. هاوکات ئەو راپەڕینە بەشێوەیەك پەرەی سەندبوو، کە زۆربەی ناوچەکە لە پێشوازی راپەڕیوان بوون و ئامادەی هەماهەنگی و هاوکاریکردن بوون، فەرەنسییەکان بە چاکی دەرکیان بە وەکردووە و لە بەڵگەنامەکانیان

---

[٥٩] – عالاي في ١٠ اب ١٩٢٣،برقية مشفرة الحرب–باريس، رقم ١٩١ الى ١٩٤.

[٦٠] – فرقة المشرق( الفرقة الثانية التابعة للقوات الفرنسية في المشرق–المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، بە وەرگرتن لە: من الوثائق الفرنسية (K.B.X-06.07.08.09.50.EU) .

[٦١] – الجيش الفرنسي في المشرق الفرقة الثانية، اللواء السوري الثالث المختلط، مسجل في مكتب وزير الحرب في ٣٠اب، و مدون في فرع افريقيا في ٣١اب ١٩٢٣، رقم ٤١٥٨.

[٦٢] – الجيش الفرنسي في المشرق الفرقة الثانية، اللواء السوري الثالث المختلط، مسجل في مكتب وزير الحرب في ٣٠اب، و مدون في فرع افريقيا في ٣١اب ١٩٢٣، رقم ٤١٥٨.

[٦٣] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢١٧. عوسمان عەبدولرەحمان سمایل، ، س. پ، ل ٨٩.

[٦٤] – المفوضية السامية للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، حلب في ٣٠ اب ١٩٢٣، وارد الى سكرتارية المفوضية في ٣ ايلول برقم ١٦١٥، برقية مرسلة من الجنرال القائد المؤقت للفرقة الثانية الى الجنرال المفوض السامي، (ادارة المخابرات و المكتب العسكري) عالاي،-K.B.X 10.07.08.10.25.EU

[٦٥] – المصدر نفسه.

جەختیان لەسەر کردووەتەوە[٦٦].دوای لە دەستدان و پاشەکشەکردنیان لە ناوچەکەدا، هێزەکانی فەرەنسی زۆر دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ ناوچەکەدا دەکرد و لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٢٣دا لە ڕێگەی فڕۆکەوە چەندین جار ئاگەداری و هۆشداریان بۆ دانیشتوانی بەیاندوور و ناوچەکەدا بڵاوکردەوە، کە دەبێت بە زووترین کات ناوچەکانیان چۆڵ بکەن و خۆیان بە دەستەوە بدەن[٦٧].

پاش ئەوەی فەرەنسیەکان لە خۆبەدەستوەدانی ڕاپەڕیوان بێ ئومێدبوون، زۆر بە چڕی فڕۆکە جەنگییەکانی فەرەنسی ناوچە ئازادکراوەکانیان بۆردومان کرد، بە تایبەتی لە ڕۆژانی (٧-٩)ی مانگی ئاب، ئەو بۆردوومانانە کاریگەری گرنگی لەسەر ورەی ڕاپەڕیوان هەبووە، تەنانەت هەندێك لە سەرکردەکانی هۆزی (چیتی)یەکان داوای دۆستایەتی فەرەنسییەکانیان کرد، ئەمە وەك دۆکیۆمێنتێکی فەرەنسی باسی لێوەکردووە[٦٨].لە پاڵ سیاسیەتی توندوتیژی، هاوکات فەرەنسییەکان تەواوی هەوڵەکانیان ختسەگەڕ بۆ ئەوەی درز بخەنە نێو ریزی ڕاپەڕیوانان، بۆیە هەوڵیاندا بە هەر شێوەیەك بێت خۆیان لە هەندێ هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە نزیك بکەنەوە، وەك ئەوەی لە ڕێگەی داردەستێکی خۆیان بە ناوی (ئەحمەد یوسف) هەوڵیاندا خۆیان لە هۆزی (چیتییەکان) نزیك بکەنەوە[٦٩].

ئەوەی لە بارەی ئەو ڕاپەڕینەوە تێبینی دەکرێت زۆربەی هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە پێشوازیان لەو ڕاپەڕینە کردووە، هۆزێکی کوردی نەبووە چووبێتە پاڵ فەرەنسییەکان دژی ڕاپەڕیوانان، هاوکات فەرەنسییەکان لە ناوچەکەدا بنکە و جبەخانەیەکی گەورەیان نەبوو، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هۆزەکانی ناوچەکە ببنەوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەگەر بێتوو سەرجەم هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە هەوڵەکانیان یەك بخستایە، ئەوا دەیانتوانی داوا نەتەوەییەکانیان بەسەر فەرەنسییەکان بسەپێنن، لە وانەش بوو هەندێك لە مافەکانیان فەراهەم بایە، چونکە خودی فەرەنسییەکان پێگەیەکی لاوازیان هەبوو لە ناوچەکەدا. هاوکات سیاسەتێکی جێگریشیان نەبوو، بەڵام هۆزە کوردییەکان هیچ دروشمێکی نەتەوەییان بەرزنەکردووەتەوە، بەڵکو ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ بووە زیاتر هەوڵی بەدەستهێنانی پۆست و پلە و پایە بووە، هەروەها هەوڵشیانداوە تۆڵە لە فەرەنسییەکان بکەنەوە و زیانیان لێبدەن، هاوکات سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو و سەرکەوتوویان نەبووە، تاوەکو سەرجەم ڕاپەڕیوان ڕێکبخات و ئاراستەیان بکات.

هەر لەبارەی ئەو ڕاپەڕینەوە دەکرێت بڵێین، ڕاپەڕینێکی تەواو کوردانەبووە، لەگەڵ ئەوەی تەنیا کورد بەشداری کردووە لەو ڕاپەڕینەدا[٧٠]، بەڵام سەرچاوەیەکی عەرەبی ئاماژە بە عەرەبایەتی ئەو ڕاپەڕینەی کردووە کە گوایە

---

[٦٦] – المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، دولة حلب، الجنرال المفوض، رقم ١٦٣٠/س،سري، حلب في ٣١اب ١٩٢٣،K.B.X-23.07.08 عامودة.

[٦٧] – عالاي في ٢ اب ١٩٢٣ برقية مشفرة من الجيش الفرنسي في المشرق الى الفرقة الثانية– حلب رقم البرقية٣/٢٣٢ رقم ٤٦٨٨ مسجل في ٢/٨/ الساعة ١٢.

[٦٨] – عالاي في ١٠ اب ١٩٢٣،برقية مشفرة الحرب–باريس، رقم ١٩١ الى ١٩٤.

[٦٩] – المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، دولة حلب، الجنرال المفوض، رقم ١٦٣٠/س،سري، حلب في ٣١اب ١٩٢٣،K.B.X-23.07.08 عامودة.

[٧٠] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية،...، ص ١٣ .

هۆزە عەرەبییەکان تەوەری سەرەکی ڕاپەڕینەکە بوونە و ئەوان ڕاپەڕینەکەیان ئەنجامداوە[71]. بەڵام دەکرێت بڵێین ڕاپەڕینەکە هۆزە کوردییەکان ئەنجامیانداوە، لە هەندێك کات و سنووری بەرتەسك چەند کەسایەتییەك لە هۆزە عەرەبییەکان پاڵپشتیان لە ڕاپەڕینەکە کردووە، بەڵام ڕۆڵی ئەو تۆ و کاریگەریان نەبووە[72]. لەراستیدا، ئەم ڕاپەڕینە، ڕاپەڕنێکی نەتەوەیی نەبووە، چونکە ڕاپەڕیوان هیچ بەرنامە و دروشمێکی نەتەوەییان بەرزنەکردووەتەوە و داوای دەستەبەرکردنی مافەکانیان نەکردووە، دەتوانرێت ئاماژە بۆ ئەوەبکرێت ڕاپەڕینەکە پەرچەکرداری بووە، نەك ئەوەی بەرنامەی بۆ داڕێژرابێت، هەربۆیە نەیتوانیوە بۆ ماوەیەك لەسەر پێ بوەستێت و پوکاوەتەوە.

فەرەنسییەکان لە ناوچەی جەزیرە، کە بەیاندوور دەکەوێتە ئەو هەرێمەوە لەگەڵ ئەوەی چەند کردە و پرۆسەیەکی سەربازیان ئەنجامدا، بەڵام تاوەکو ساڵی ١٩٢٧ نەیانتوانی لە ڕووی سەربازییەوە بە تەواوی کۆنتڕۆڵی ناوچەکە بکەن، بەڵام کاتێك گەڕانەوە ناوچەکە، بنکەی سەربازی خۆیان لە بەیاندوور گواستوە بۆ قامیشلۆ، بەهۆی ئەوەی هەر لە ساڵی ١٩٢٥ەوە دەستیان کردبوو بە دروستکردنی بنکەیەکی سەربازی لەسەر ڕووباری (جەقجق)، بۆیە فەرەنسییەکان پێگەیەکی بەهێزی سەربازیان لە ناوچەکەدا جێگرکرد، هاوکات خۆشیان لە سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە نزیك کردەوە بەمەبەستی ڕاکێشانی سۆزریان[73].

## بەشی دووەم

## هەڵوێستی هۆزە عەرەبییەکان و تورکیا

### تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی هۆزە عەرەبەکان

قسەکردن لەبارەی هەڵوێستی هۆزە عەرەبییەکان یەکێکە لەو پرسانەی کە جێگەی هەڵوەستەکردنە. لەو نووسینانەی کە بە هەناسەیەکی توند نووسراون، کاراکتەری سەرەکی ڕاپەڕینەکەیان ئاوەژووکرووەتەوە بە جۆرێك ڕۆڵی کوردیان لێبێبەری کردووە و هۆزە عەرەبییەکانیان بە ئەنجامدەری ڕاستەقینەی ئەو ڕاپەڕینەوە داناوە، بەشداریکردنی کوردیان لە گۆشەیەکی بەربەستەك پەستاوە[74]، تەنانەت بکوژی ڕۆگان بەکەسێکی عەرەب بەناوی ئەحمەد ئیبراهیم دادەنێن[75]، بەڵام بەڵگەنامە دانسقە فەرەنسییەکان خۆیان گەوایەدەری تەواوی ڕاستییەکانن، زۆر بە وردی پەنجە لەسەر تەواوکوردبوونی ڕاپەڕینی بەیاندوور دادەنێن.

هاوکات ناکرێت ئەوەش لەبەرچاو نەگیرێت، کە چەند کەسایەتیەکی هۆزە عەرەبییەکان لە سنووری بەرتەسك، هاوسۆزی ڕاپەڕینەکە بوونە و لە هەندێك کات و ماوەی دیاریکراو بەشداریانکردووە، وەك (شێخ محەممەد

[71] - صالح هواش المسلط، م.س، ص 206.

[72] – خالد عيسى، دراسة تاريخة: الاكراد تحت الانتداب الفرنسي

http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm.

[73] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١٣ .

[74] – صالح هواش المسلط، م.س، ص 206.

[75] – نوشين بيجرماني، معركة بياندور بين الجهل ...،ص ٣١، صالح هواش المسلط، م.س، ص 221.

عەبدولڕەحمان) لە هۆزی (تەی) [٧٦] لەو ناوچەیە بوونیان هەبووە. فەرەنسییەکان هەوڵیاندا لە ڕێگەی سازشکردنیش بێت خۆیان لە هۆزە عەرەبەکان نزیك بکەنەوە، بەری لەوەی ڕێگەی هێز و سەرکەوتکردن بەکار بهێنن[٧٧]. بە تایبەتی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچەکەدا بۆ هێزەکانی فەرەنسی گرنگی خۆیان هەبوو، بە تایبەتی لە کاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (بەیاندوور)، هەربۆیە هەوڵیاندا سوود لە تواناکانیان وەربگرن، بۆ سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینە، لەم چوارچێوەیەدا بۆ کێشکردنی هۆزە عەرەبییەکان بۆ لای خۆیان و بەکارهێنانیان لە دژی کوردانی ناوچەکە، پارە و پولی زۆریان بەخشیە سەرۆك هۆزە عەرەبییەکان، لێرەدا دۆکیۆمێنتێکی فەرەنسی ئاماژە بەو لایەنە دەکات، کاتێك لە میانەی سەردانی بەرپرسێکی باڵای سەربازی فەرەنسی (٢٠٠) لیرەی زێڕ بەسەر سەرۆك هۆزە عەرەبییەکان بەم شێوەیە دابەشکراوە:

(مەشعەل پاشا)، سەرۆك هۆزی تەی (١٠٠) لیرە و (موسەلەت)ی کوڕی مەشعەل پاشا ٢٥ لیرە.(نەواف)، سەرۆك هۆزێکی شەممەر ٢٥ لیرە.(محەممەد غانم) سەرۆك هۆزێکی بەنی سەبعە ٢٥ لیرە.(حەسەن دایر)، سەرۆك هۆزێکی دیکەی بەنی سەبعە ٢٥ لیرە[٧٨]. بەشێکی زۆر لە سەرۆك هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە، بەردەوام هاموشۆی پێگە و بنکە سەربازییەکانی فەرەنسییەکانیان دەکرد، کە تێیدا لە دوایین پێشهاتەکان ئاگاداریان دەکردنەوە و ڕەوشی ناوچەکە و جموجۆڵی ڕاپەڕیوانیان بۆ دەخستنەڕوو[٧٩].سەروبەندی بارگرژیی و پێکدادانەکانی بەیاندوور، ( نەقیب دووگیفراڵ)، فەرماندەی سریەی ٢ی هێزەکانی فەرەنسی لە کەرتی (حسبە)، نوێنەری تایبەتی خۆی ڕەوانەکرد بۆ لای هەریەك لە (دەهام هادی)، سەرۆك هۆزی (شەممەر)، (سوڵتان)، سەرۆك هۆزی جبوور،کە تێیدا لەمیانەی دیدار و کۆبوونەوەکاندا داوای هاوکاری و یارمەتی لێکردن تەنانەت خودی نەقیب دووگیفراڵ بەخۆی سەردانی هۆزەکانی (شەممەر) و (جبووری) کرد و داوای لێکردن چەکداریان پێبدەن، لەگەڵ ئەوەی ئەو دوو سەرۆك هۆزە بەڵێنیاندا هاوکاری هێزەکانی فەرەنسی بکەن، بۆ ڕۆژی دواتر چەکداری بۆ ڕەوانە بکەن، بەڵام ئەم کارەیان بە باشی و بە دڵی فەرەنسییەکان ئەنجامدا نەدا، چونکە بۆ ڕۆژی دواتر تەنها ( عەلی سوڵتان) کوڕەکەی لەگەڵ ٨ چەکداری بۆ نارد بوو، ئەوەش فەرەنسییەکانی نیگەران کرد، چونکە چاوەڕێی ڕەوانەکردنی هێزی زیاتر بوون[٨٠].

لە هەندێك کاتدا، بەمەبەستی جێبەجێکردنی داواکاری فەرەنسییەکان، هۆزە عەرەبییەکان خۆیان ڕێکخستووە و هەوڵیانداوە ڕووبەڕووی ڕاپەڕیوان ببنەوە، بۆ نمونە لە ٢٠ی مانگی ئاب-ی ساڵی ١٩٢٣ شەڕ و پێکدادان لە نێوان هۆزە کوردییەکان و هێزیکی هۆزە عەرەبییەکان ڕوویدا، کاتێك نزیکەی ١٠٠ چەکداری هۆزی (شەممەر) و ٧٠ چەکداری هۆزی (تەی بەنی سەبعە) لەگەڵ هێزێکی ڕاپەڕیوان بە سەرۆکایەتی (حاجۆ ئاغا) پێکیانداداا، بەڵام

---

[٧٦] – خالد عیسی، دراسة تاریخة: الاکراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[٧٧] – المصدر نفسه.

[٧٨] – فرقة المشرق( الفرقة الثانیة التابعة للقوات الفرنسیة في المشرق–المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، من الوثائق الفرنسیة (K.B.X-06.07.08.09.50.EU).

[٧٩] – فرقة المشرق( الفرقة الثانیة التابعة للقوات الفرنسیة في المشرق–المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، من الوثائق الفرنسیة (K.B.X-06.07.08.09.50.EU).

[٨٠] – المصدر نفسه.

خۆیان پێ نەگیرا و ناچار هێزەکەی (شەممەر) و (تەی) پاشەکشەیان کرد بۆ (تەلپیردە-٨ کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی تەل حەمیدی)[٨١].

لەگەڵ ئەوەی هۆزە عەرەبییەکان لە زۆر کاتدا هەماهەنگی و هاوکاری فەرەنسییەکانیان دەکرد، بەڵام فەرەنسییەکان لە هەڵوێستی هۆزە عەرەبییەکان نیگەران بوون، چونکە ئەوان دەیانەویست هۆزە عەرەبەکان شانبەشانیان بەشداری لە سەرکوتکردنی راپەڕیوان بکەن و رۆڵی کاریگەریان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هۆزە عەرەبییەکان لە کاتی هێرشی سەر بەیاندوور و ئازادکردنی لە لایەن راپەڕیوانەوە، بەگوێرەی پێویست هەماهەنگی و هاوکاری فەرەنسییەکانیان نەکرد وەك ئەوەی خوازیاری بوون، بەڵام لە کاتی پاشەکشەکردن ئەو هێزە فەرەنسیە لە ناو هۆزە عەرەبییەکان گیرسایەوە و لە لایەن هۆزی (شەممەر) پێشوازی لێکرا، بە هانانەهاتنی وەك فەرەنسییەکان ئارەزوویان دەکرد، کاریگەری کردوەتە سەر فەرەنسییەکان وایکردووە وەك فشارێك هاوکاری و یارمەتییەکانیان بۆ عەرەبەکان کەم بکەنەوە، چونکە پێشتر بەڵێنیان دابوو هاوکاری تەواویان بکەن، هەر چەندە چەکداریان بۆ رەوانە کردن، بەڵام ئەو ژمارەیە لە ئاست خواستی فەرەنسییەکان نەبوو[٨٢].

### تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی تورکیا

وەك ئاشکرایە کورد ئەو کارتە فشارە بووە، کە هەموو لایەك بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان بەکاریان دەهێنا، دیارە ئەو ململانێیەی کە لە نێوان هاوپەیمان و تورکیا بەزەقی هەستی پێدەکرێت، لەم چوارچێوەیەدا تورکیا هەوڵی فراوانکردنی سنوورەکەی و فەرەنسا بەرگری لە چوارچێوەی ئەو پشەکە دەکرت، کە هاوسنوور لەگەڵ تورکیا بۆی دیاری کرابوو.

لە چوارچێوەی فشارخستنە سەر فەرەنسییەکان بۆ سازشکردن لەسەر چەند پرسێکی گرنگ، تورکەکان لە سەرەتادا دژایەتی فەرەنسییەکانیان کرد لە رۆژئاوای کوردستاندا، تەنانەت ئەو بنکە سەربازیانەی، کە لە ناوچە سنوورییەکان بڵاوببوونەوە، هەڕەشەیان لە گوندنیشییەکانی ناوچەکە کردبوو، بەوەی گوندەکانیان تاڵان دەکەن ئەگەر هاتوو پاڵپشتی فەرەنسییەکان بکەن[٨٣]. تورکیا پاڵپشتی و پشتگیری لە هەر جموجۆڵێك دەکرد دژایەتی فەرەنسییەکان بکات، لەو سۆنگەیەوە (ئیسماعیل حەقی)، ئەفسەری باڵای سوپای تورکیا پەیوەندی بە راپەڕیوانانی (بەیاندوور)کرد و پاڵپشتی و پشتگیری لێدەکەن، تەنانەت لە هەندێك کاتدا بەخۆی هاتووەتە ناوچەکە و هانی راپەڕیوانانی داوە، بەتایبەتی پەیوەندی بەردەوام هەبووە لەگەڵ (حاجی ئاغا)، هەربۆیە فەرەنسییەکان بەردەوام تورکەکانیان تۆمەتبار دەکرد، کە لە پشت ئەو نائارامییانەن[٨٤].

---

[٨١] – المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية ولبنان، دولة حلب ، الجنرال المفوض ، رقم ١٦٣٠/س سري حلب في ٣١ آب ١٩٢٣، برقية مرسلة من القائد المؤقت للفرقة الثانية، نائب المفوض السامي.إلى الجنرال المفوض السامي في المشرق ( المكتب العسكري نسختين).

[٨٢] – فرقة المشرق( الفرقة الثانية التابعة للقوات الفرنسية في المشرق–المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، من الوثائق الفرنسية (K.B.X-06.07.08.09.50.EU) .

[٨٣] – المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية ولبنان، دولة حلب ، الجنرال المفوض ، رقم ١٦٣٠/سسري حلب في ٣١ آب ١٩٢٣، برقية مرسلة من القائد المؤقت للفرقة الثانية، نائب المفوض السامي.إلى الجنرال المفوض السامي في المشرق ( المكتب العسكري نسختين).

[٨٤] – المصدر نفسه.

بەڵگەنامە فەرەنسییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە ئیسماعیل حەقی، ٢٠٠ سەربازی تورکی بە بەرگی مەدەنییەوە خستبووە بەردەم حاجۆ ئاغا[٨٥] . ئەگەر ئەو زانیاریانە ڕاست بێت دیارە مەبەستی تورکیا لە پشتگیری ڕاپەڕیوان بۆ ئەوە نەبووە، پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان چارەسەر بکرێت و کورد مافەکانی دەستەبەر بکات، بەڵکو دەیەویست لەو ڕێگەیەوە گێچەڵ بۆ فەرەنسییەکان دروست بکات، تاوەکو فشاری زیاتر بخرێتە سەر فەرەنسییەکان، ، لەم نێوەندەدا تورکیا مەرامەکانی بەدەستبهێنێت لەم کاتەدا ململانێی نێوان تورکیا و فەرەنسییەکان لەسەر لیوا (ئەسکەندەرونە) بوو کە فەرەنسییەکان داگیریان کردبوو.

ئەو پەرەسەندنانە وایکرد، بابەتی کورد ببێتە مەسەلەیەکی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا، تورکیا و دواتر سووری- تورکی، بەمەش بۆ چەندین جار شەڕو پێکدادان لە ناوچە سنوورییەکانی هەردوولا ڕوویانداوە[٨٦]. زۆرجاریش لە کاتی بۆردوومانکردنی ڕاپەڕیوانی (بەیاندوور)، سەرکردایەتی سوپا سالاری فەرەنسی، فڕۆکە فەرەنسییەکانیان ئاگادار دەکردەوە لەکاتی بۆردومانکردنی ناوچەی ڕاپەڕیوان، ڕێز لە سنوورەکانی تورکیا بگرن و خۆیان لە بۆردوومانکردنی ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەردوولا بە دوور بگرن[٨٧]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێك فڕۆکە جەنگییەکانی فەرەنسی لە میانەی بۆردوومانکردنی ناوچەی سنووری تورکیا نزیك ببوونایە، لە لایەن هێزەکانی تورکییەوە بەرپەرچ دەدرانەوە و تەقەیان لێدەکرا[٨٨].

لەکاتی ڕاپەڕینی بەیاندوور، وەك هاوسۆزی و پاڵشتییەك، کوردانی باکووری کوردستان بەتایبەتی دانیشتوانی ماردین خۆپیشاندادانی پاڵپشتیان ئەنجامداوە[٨٩]، کە ئەمەش جەخت لەسەر یەك پارچەیی کوردستانەوە و هاوسۆزیبوونی کوردستانیان دەکاتەوە کە لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمان بەبێ لە بەرچاوگرتن هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی، کوردستانی گەورەیان بەسەر چەند دەوڵەتێك بە زۆر دابەشکرد.ئەو پاڵشتیەی تورکیا (وەك پێشتر باسمان کرد) تا سەر نەبوو، بۆیە دوای چارەسەرکردنی کێشەی لەگەڵ فەرەنسییەکان و دەستنیشانکردنی سنووری نێوان هەردوو وڵاتی سووریا و تورکیا، ڕێگەی لە هاتووچۆی کورد لە نێوان سنووری هەردوولا گیرا، بەڵام کوردان گوێییان بەو سنوورە دەستکردەنەدا، کە بەو هۆیەوە ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی کورد بەهۆی چاندنی مین و گوللەی سەربازانی تورکیا کوژران، ئەمەش وایی لە زۆرێك لە کوردە کۆچەرەکان کرد واز لە ژیانی کۆچەری بهێنن و لە زەوییەکانی جەزیرە ئاکنجی بن، لە پاڵ ئەو هۆزە کوردیانەی کە پێشتر لە ناوچەکە ئاکنجی بوون، دەست بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بکەن[٩٠].

---

[٨٥] – المصدر نفسه.

[٨٦] – صلاح بدرالدين، غرب كردستان( دراسة تاريخية، سياسية، وثائقية، موجزة،ط١، ١٩٩٨، المانيا–بون،ص٤٢.

[٨٧] – عالاي في ٢ اب ١٩٢٣ برقية مشفرة من الجيش الفرنسي في المشرق الى الفرقة الثانية– حلب رقم البرقية٣/٢٣٢ رقم ٤٦٨٨ مسجل في ٨/٢/ الساعة ١٢.

[٨٨] – عالاي في ١٠ اب ١٩٢٣،برقية مشفرة الحرب–باريس، رقم ١٩١ الى ١٩٤.

[٨٩] – المصدر نفسه.

[٩٠] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١٣ –١٤ .

# ئەنجام

١- راپەڕینی بەیاندوور، لاپەڕەیەکی شاراوە خەباتی گەلی کوردە لە ساڵی ١٩٢٣ لە دژی دەسەڵاتدارانی فەرەنسی لە ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ ماوەیەك هێزەکانی فەرەنسا وەدەرنراون.

٢- بەشێك هۆزە کوردییەکانی باکووری کوردستان، هەماهەنگی و پاڵپشتی و بەشداری راپەڕینەکەیان کردووە، حاجۆ ئاغا یەکێکە لەو سەرکردە دیارانەی کە بەشداربووە.

٣- راپەرینەکە ئەنجامی سیاسەتی توندوتیژی دەسەڵاتداران و ئەفسەرانی فەرەنسی بوو لە ناوچەکەدا لە دژی کورد.

٤- راپەڕینەکە تەواو کوردی بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە سنووری دیاریکراودا هۆزە عەرەبەکان بەشداربوونە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەو راپەڕینە عەرەبی نەبووە، وەك هەندێك لەسەر چاوە عەرەبییەکان باسیان کردوە، بگرە لە هەندێك کات سەرۆك هۆزە عەرەبییەکان نزیکبوونە لە فەرەنسیەکان و لە لایەن ئەفسەرانی فەرەنسی پارەیان پێدراوە بۆ دەستبەرکردنی سۆزی ئەو هۆزانانە.

٥- لە بەرنامەی فەرەنسا، شتێك بوونی نەبووە بەناوی دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان.

٦- ئەگەرچی تورکیا لە دەستپێکدا یارمەتی راپەڕیوانانی داوە، بەڵام ئەوە تەنیا وەك کارتێکی فشار بەکارهێناوە، دواتر پشتی لە راپەڕیوانان کرد و بگر کەوتۆتە دژایەتیان و سەرکەوتکردنیان.

٧- راپەڕینەکە هەڵگری بەرنامەیەکی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو زیاتر پەرچە کرداربووە، بۆیە زۆر درێژە ناکێشێ و دادەمرکێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بەڵگەنامە فەرەنسیە بڵاونەکراوەکان:

١- الجيش الفرنسي في المشرق، السرية الثانية للهجانة، مفرزة/بياندور في ٢٠ تموز ١٩٢٣ (١)، الملازم رويبرتو، قائد مفرزة السرية الثانية للهجانة الى النقيب قائد السرية.

٢- فرقة المشرق( الفرقة الثانية التابعة للقوات الفرنسية في المشرق-المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، من الوثائق الفرنسية (K.B.X-06.07.08.09.50.EU).

٣- الجيش الفرنسي في المشرق الفرقة الثانية، اللواء السوري الثالث المختلط، مسجل في مكتب وزير الحرب في ٣٠اب، و مدون في فرع افريقيا في ٣١اب ١٩٢٣، رقم ٤١٥٨.

٤- المفوضية السامية للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، حلب في ٣٠ اب ١٩٢٣، وارد الى سكرتارية المفوضية في ٣ ايلول برقم ١٦١٥، برقية مرسلة من الجنرال القائد المؤقت للفرقة الثانية الى الجنرال المفوض السامي، (ادارة المخابرات و المكتب العسكري) عالاي،K.B.X-10.07.08.10.25.EU

٥- المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، دولة حلب، الجنرال المفوض، رقم ١٦٣٠/س،سري، حلب في ٣١اب ١٩٢٣،K.B.X-23.07.08 عامودة.

٦- عالاي في ٢ اب ١٩٢٣، برقية مشفرة من الجيش الفرنسي في المشرق الى الفرقة الثانية- حلب رقم البرقية٣/٢٣٢ رقم ٤٦٨٨ مسجل في ٨/٢/ الساعة ١٢.

٧- المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية ولبنان، دولة حلب ، الجنرال المفوض ، رقم ١٦٣٠/س. سري حلب في ٣١ آب ١٩٢٣، برقية مرسلة من القائد المؤقت للفرقة الثانية، نائب المفوض السامي.إلى الجنرال المفوض السامي في المشرق ( المكتب العسكري نسختين).

### دووەم: سەرچاوە کوردییەکان

٨- ئەکرەم جەمیل پاشا، کورتەی ژیانم، و: فەیزوللا برایم خان و بەرزان وەهاب، دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی بیر ، دیاربەکر ، ٢٠٠٧.

٩- د. عەبدوڵا غەفوور، گوندەکانی کوردستان/ گوندەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر ژمێری دانیشتوانی سووریادا- ١٩٩٤، ب٤،چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠- هێربەت مونتگومری، کوردستان سووریا بوونێکی نکوڵی لێکراوە، و: مینە پیشەوا،چ١، مەڵبەندی کوردلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٩.

### سێیەم عەرەبییەکان:

11- اسماعيل الملحم، معركة المزرعة، ٢ و٣ اب ١٩٢٥ ملحمة السلاح الابيض، منشورات دار علاءالدين،ط١، دمشق، ٢٠٠، ص ١٧.

١٠ -احمد وصفي زكريا، عشائر الشام،ج٢، مطبعة دار اليقظة العربية، دمشق، ١٩٤٧.

١١ -ازاد ديركي، المدن الكردية،ط١ بيروت، ١٩٩٨.

١٢ جاسم محمد حسين العدول، تاريخ الوطن العربي المعاصر، جامعة موصل، مديرية دارالكتب للطباعة و النشر، ١٩٨٦.

١٣ زين نورالدين زين، الصراع الدولي في الشرق الاوسط و ولادة دولتي سوريا و لبنان، (بيروت، ١٩٧١).

١٤ – ذوقان قرقوط(د.)، تطور الحركة الوطنية في سورية(١٩٢٠–١٩٣٢)، ط١، بيروت، ١٩٧٥.

١٥ –صبحي عبدالرحمن، كاليفورنيا الشرق (لبنان–١٩٤٥).

١٦ –صالح هواش المسلط، صفحات منسية من نضال الجزيرة السورية، ط١، منشورات دار علاءالدين، دمشق، ٢٠٠١.

١٧ –صلاح بدرالدين، غرب كردستان( دراسة تاريخية، سياسية، وثائقية، موجزة،ط١، المانيا–بون، ١٩٩٨.

١٨ –على صالح ميراني، الحركة القومية الكوردية في كوردستان–سوريا،ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل ٢٠٠٤ .

١٩ –لانكا بوكونا، المجابهة الفرنسية–السورية في عهد الانتداب (١٩٢٥–١٩٢٧)، ط٢، منشورات دار علاءالدين، سورية–دمشق، ٢٠٠٨.

٢٠ –محمد ملا احمد، القضية الكوردية في سوريا، برلين، ٢٠٠١، منشورات مجلة هاڤيبون للدراسات الكوردية.

٢١ – م.س.لازاريف، المسألة الكوردية (١٩١٧–١٩٢٣) ترجمة: د.عبدى حاجي، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩١.

**چوارەم: گۆڤار و رۆژنامەکان:**

22– انور عبدالحميد الشمرى، معركة بياندور/شهادة عربية، مجلة الحوار، العددان (١١–١٢) ، دمشق– ربيع- صيف ،١٩٦٦.

23 – نوشين بيجرماني، معركة بياندور بين الجهل و التجاهل، مجلة الحوار ، العدد (١٥) ، دمشق، ربيع.

24– جريدة (الشمس)، نشرة دورية تصدرها اللجنة المنطقية للحزب الديمقراتي الكوردي في سوريا (البارتي)، الجزيرة،ع(٦٩)، حزيران ٢٠٠٩.

25– جريدة(الحياة الجديدة)، الجريدة المنطقية الجزيرة للحزب الاشتراكي الكردي في سوريا، ع(٧)، حزيران ٢٠٠٠.

26 – معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، جريدة (طريق الشعب)، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكوردي في سوريا، عدد (٢٧٨)، حزيران ١٩٩٨.

**پێنجەم: ئینتەرنێت**

27 جيان الحصري، عيد الشهداء من جمال باشا السفاح الى...؟، موقع الاكتروني:
http://www.efrin.net/cms/erebi/.php?option=com_contentstask=viewsid=3710sItemid=29

28 –خالد عيسى، دراسة تاريخية، الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm.

29–محمد ملا احمد، انتفاضة بياندور:
http://Kurdnas.com/ar/index.php?option=com_contentsid=viewsid=765sItemid=59

## انتفاضة بياندور

انتفاضة بياندور، احدى صفحات نضال الشعب الكوردي ضد السلطة الفرنسية في غرب كوردستان (كوردستان سوريا) والتي اندلعت في العام ١٩٢٣، حيث استطاعت طرد القوات الفرنسية من المنطقة وإن لفترة معينة، فيما شاركت قبائل كوردية من شمال كوردستان (كوردستان تركيا) في تلك الانتفاضة.

انتفاضة بياندور اندلعت كرد فعل على سياسة القمع التي انتهجتها السلطة الفرنسية و ضباطها في المنطقة ضد الكورد، و مع ان قبائل عربية كانت تقيم في تلك المنطقة شاركت فيها الا انه يمكن الجزم أن بياندور لم تكن عربية بل كانت كوردية خالصة.

لم يكن في جعبة الفرنسيين شيء تحت مسمى منح حقوق الكورد في غرب كوردستان. لكن الدولة التركية و بسبب خلافاتها مع الفرنسيين قدمت في البداية الدعم للمنتفضين الكورد، غير ان ذلك الدعم لم يستخدم سوى ورقة ضغط من قبل الاتراك على الفرنسيين و سرعان ما تنكر الاتراك للكورد بل و حتى بدأوا في معاداتهم و قمعهم.

يبقى القول ان بياندور لم تتبنى اجندات قومية، بل كانت مجرد رد فعل، لذا خمدت و لم تدم طوكلا.

## Baindur Uprising

Baindur is one of the Kurds uprising that took place in 1923 against French officials in the Syrian part of Kurdistan. Throughout this uprising, Kurds were able to fight Frenchmen and take them away from the region for awhile. Moreover, some of the Kurdish clans from Turkey's part of Kurdistan participated.

Due to violence from French officials against Kurds, the uprising launched. Although, in some areas the uprising was coupled by Arab Clans, but the Uprising was a Kurdish Uprising not an Arabic one. French officials did not believe in Kurd's rights in Syria's part of Kurdistan. Nevertheless, at the beginning, Turkey supported the rebels aiming to put pressure on..... . But after awhile turkey changed its directions and started to fight against them. It was not a national uprising, but a reaction. that is why it was not a successful uprising and did not take long.